www.kurdistannet.org
7-2-2006 17:09 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# شاری سلێمانی دادگایی ڕۆشنگەری دەكات. . !! بەشدار قادر

ڕانیە
galay_bahar@hotmail.com

لەم ڕۆژانەدا هەمووممان بینەرو گوێگری ئەو هەواڵانەبووین كە لە سەر وێنەی كاری كاتێری پێغەمبەرو ڕۆژنامە دانیماركیەكە دەگوتران، هاوكات لەو ناوانەدا گوێ بیستی دادگایی كردن و فتواداان بووین لە دژی مەریوان هەڵەبجەیی كە خۆی گوتەنی. . ژەهری كیمیایی عەرەبی چەشتوە لە شارەكەی خۆیدا. شتێك كەمەبەستی منە لەم وتارەدا زۆر لای من جێگای پرسیارە، هاتنە مەیدانینی سوپایەك لە كۆنەپەرستیی و سەرقووت كردنەوەی هەرچی كۆنەپەرستی هەیە لە شاری سلێمانی، لەپاڵ مەحكوم كردنی ڕۆژنامە دانیماركیەكە فتوای دژی مەریوان تەخشان و پەخشان دەكرایەوە تا دەسەڵات دارانیان ناچاركرد بڕیاری دەستگیركردنی مەریوان دەربكات.
شتێك كە زۆر گرنگە لەو پرۆسەیەدا ببینین ئەویش پرسیاری ئەوەیە بۆچی شاری سلێمانی ڕاپەڕی؟! ئایا ئەو هێزەی بە ئاشكرا و بەبەر چاوی خەڵكەوە ئیهانەی بیروباوەڕی شەخسی ئینسانی كرد خەڵكی كاسب و موسڵمانی سادەی ئێمەن، یان هێزی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیە گەورەیەبوو بەناوی (یەكگرتوی ئیسلامی) كە لە هەڵبژاردنەكانی پانزەی دوازدە گەورەترین موعجیزەی لە دژێر دەسەڵاتی سۆسیال دیموكراتەكان خوڵقاد، ئێستاش هەر ڕێكخستن و توانای تەنزیمی ئەو ڕێكخراوەیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەناو عەلمانیەكان، سروشتی ئیشكردنی ئیسلامی سیاسی لە دنیادا، گەڕانە بەدوای ئەو بۆنەو دروشم و دۆخە سەیرانەدا كە مەودای خۆنواندنیان بۆ فەراهەم دەكات و دەیان خاتە ناو پرۆسەی خۆنوێ كردنەوە.
لێرەدا دەبێت بپرسین ئەرێ یەكێتی نیشتمانی بۆچی بێدەنگی؟!! بۆچی لەم هەموو بێ ڕێزی كردنە ناپرسی كە بەرامبەر بە بیری ئازادو قەڵەمی ئازاد دەكرێ، ئایا دەكرێت كتێبێك ئەم هەموو شتەی لەدژ بكرێ، ئەگەر بێ بكی و جڵەوشلكردنی ئێوەنەبێ، بۆچی لە ئاست قسەی مرۆڤێك كە شتێكی كەم لەسەر گەندەڵی داواكاریەكانی خۆی دەڵێ. . بەزمی سەیرسەیری بەسەر دێنن وەكو (خەلیل عەلی 9 كە تەنها ئەندانی ئەو دەستەیە بوو لە لڕانیە كە جاڕی ڕێپێوانی 2005/6/21 دا یەكسەر مەنفیتان كرد بۆ گەرمیان، بەڵام ئەم هەموو مەلاو دەستە كۆنەپەرستەی ناو دەزاگا حكومیەكانتان كە بەبر چاوی ئێوەوە ڕۆشنگەری لە خاچ دەدەن و مژدەی سەركوتكردنی هەردەنگێك دەدەن كە لە ئایندەدا دەیەوێ، خۆی لە قەدی حەرامكراوەكان بدات و سیاقی مێژوو بونیادی ڕزیویان نیشان بدات، ئەی بۆ لە ئاست ئەمان بێدەنگن ئایا ئەوانە كە شاری سلێمانی دەكەنە ئامانج لە كوردستاندا و عێراقدا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە دانیمارك و نەریوان مەبەستانە بە عەرەبەكان و ئیسلامیەكان بڵێن ئەها ئێمە چەند بەتەنگ ئیسلام و شوناسی ئەوانین بۆچی لێمان تێناگەن سەیركەن وا چۆن تەنگمان بە (ڕۆشنگەری و سەرەتاكانی هەڵچنیوە) لای خۆمانەوە.
دەی ئەگەر وانییە بۆچی بێ دەنگن بەرامبەر بەو جەهالەتەی كە خەریكە سلێمانی دەكەنە ئامانج بۆ سڕینەوەی جیاوازی و ڕەخنە، دەبێت وەڵامی ئەوپرسیارە بدەنەوە بێ ئەوەی پاساوی موقەدەساتی خەڵك و ئەم ترووهاتانە بەڕووماندا بدەنەوە. . مەریوان بەهۆی بێدەنگی ئێوەو جڵەو شلكردنی ئێوە بۆ مەلاو ئیسلامی سیاسی تووشی ئەم حاڵەتە بۆتەوە نەك (دانیمارك و سێكس و ئیسلام) ، ئێوەن كە دەبێت زۆر بەپەلە ئەو كەسانە

دەستنیشان کەن کە مەریوان هەڵەبجەیی و نمونەکانی دەکەنە نیشانە بۆ کوشتنیان، ئێوە بەرپرسیارن بەرانبەر بە سلێمانی بەرانبەر بە پاراستنی کولتووری ئەم شارە بەوێنەی شارێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز.

ئیسلامیەکان دەتوانن دەنگی خەڵکی سادەی موسڵمان بقۆزنەوە بۆ مەرامی خۆیان، هاواکات دەتوانن دەسەڵات هەڵپێچن بۆ بەدەنگەوە هاتنیان. . بەڵام دەبێت دەسەڵات زۆر چالاکانە رێ لەو شێوازە دینیە و سیاسیە بگرێ کە ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵ لە ڕێگەی ئەم بوعدانەوە دەتوانێ گوتاری خۆی پتەوتربکات و. . خەڵکی سلێمانی ڕێگا لەوە بگرن شارەکەتان کە جێگەی ئومێدی ڕۆشنگەری و ئایندەیەکی نوێخوازی لێ دەکرێت. . شەبەحی کۆنەپەرستی لێتانی ئاوا بکات. . لەم یاریەوە دەبێت تێ بگەن کە دەسەڵات کاری بەوە دانییە کە کێ دەکوژرێ و کێ بریندار دەکرێ یان دەنگی چ ئازادی خوازێك و ئینسان دۆستێك قفڵ دەدرێ، ئەوەی بەلای ئەو گرنگە کورسی و دەسەڵاتی خۆیەتی، کاری بەوەدانییە کە سەرۆکی زانایانی لای کۆنەپەرستی دەگرێ و چ دەکات و خەریکە لەسەر پەتی چ هێزێکی سیاسی و کۆنەپەرست یاری دەکات بە چارەنووسی ڕۆشنگەری، بەلایەوە گرنگە (ئەو) یەکێتی بێت و هەریەکێتی بێ. . من و تۆش جارلا بەجەهەندەم لە گەڵ مەریوان و. . هتد، دەی ئازادی خوازان ئێستا تێگەیشتن کە دەسەڵاتی سۆسیال دیموکرات لە پشت ئازادی نییەو هەر باکیشی نییە،

بەڵام دەبێت خۆمان بێدەنگ نەبین چونکە ئەمە ماهیەتی حزبی کوردییە کە نایەوەێ یاخود مەبەستی نییە شار وڵات ئازاد سەرفراز بێ کۆنەپەرستی ئیسلامی نەمێنێ. . دەبێت ئەم دۆخە قبوڵ نەکرێ.